عێراق و ئیسپانیا لەسەر دە خاڵی گرنگ رێککەوتن

دوای سەردانەکەی ئەمڕۆی پێدرۆ سانشیز سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا بۆ سەردانێکی رەسمی گەیشتە عێراق و لەلایەن محەمەد شیاع سودانییەوە پێشوازیلێکرا و کۆبوونەوە ئەنجامدرا، هەردوولا لەسەر 10 خاڵی هاوبەش رێککەوتن.

لە گرنگترین خاڵەکان، بەردەوامیی چالاکییەکانی ئیسپانیا بوو لەبەرەوپێشبردنی توانا سەربازییەکانی عێراق.

بەپێی راگەیەندراوی نووسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەردوولا رێککەوتن لەسەر:

یەکەم: دووپاتی پەیوەندی باشی دووقۆڵی نێوان هەردوو وڵات و گەلی هەردوو وڵات و پەیوەندیی مێژووی هەردوو وڵات، کارکردن پێکەوە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان و بەردەوامی کۆبوونەوەکان لەپێناو ئاڵوگۆڕی بیروڕای سیاسی لە نێوانیاندا.

دووەم: گەشەسەندنی پەیوەندییەکان لە بوارەکانی بەرگری، ئاسایش، ژێرخان، گواستنەوە و بەڕێوەبردنی ئاو، هەردوو سەرۆك وەزیران لەسەر ئەوە کۆکبوون بەردەوامبن لە هەمەچەشنکردنی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییە دوو قۆڵییەکان بە هاندانی بەشداریکردنی ئیسپانیا لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق.

سێیەم: بەشداریی چالاکانەی ئیسپانیا لە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ پەرەپێدانی تواناکانی هێزەکانی عێراق.

چوارەم: هەردوو سەرۆك هاوڕابوون لەسەر هەوڵەکانی ئیسپانیا لە یەکێتیی ئەوروپا و کۆمەڵەی 20 و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ.

پێنجەم: هاوڕابوون لەسەر گرنگیی کۆنفرانسی بەغداد بۆ هاوکاری و هاوبەشی (کۆنفرانسی بەغداد) وەك ئامرازێکی دیپلۆماسی بۆ ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی توندوتیژی لە ناوچەکە، ئیسپانیا ڕۆڵی عێراقی بەرزنرخاند لە هەوڵەکانی بۆ دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئێران و شانشینی سعودیە.

شەشەم: عێراق و ئیسپانیا هەردوو لایان پێشوازی لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن لە 22ی کانوونی دووەمی 2023 دەری کرد و دەڵێت، ”هەلومەرجێك بۆ وەستاندنی بەردەوامی شەڕ و پێکدادانەکان لە غەززە دروست بکرێت“، هەردوو وڵات بۆ هاوبەشی داوای ئاگربەستی دەستبەجێ دەکەن لەسەر بنەمای مرۆیی.

حەوتەم: هەردوو وڵات ڕێککەوتن لەسەر بەردەوامی کار لە پێناو بەدەستهێنانی ئاشتی و دادپەروەری هەمیشەیی لە ئۆکرانیا کە لەگەڵ بنچینەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا یەکدەگرێتەوە.

هەشتەم: هەردوولا هاوڕابوون کە باری نائاسایی کەشوهەوا مەترسییەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر کۆمەڵگەی جیهانی و بۆ سەر بژێویی مرۆڤەکان دروستدەکات، ئەمەش پێویستی بە کردەوەی بەهێز و گەورە مەبەست هەیە لەلایەن هەموو وڵاتانەوە، نیگەرانی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی وشکەساڵی.

نۆیەم: هەردوو سەرۆك هاوڕابوون لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لە بواری خوێندنی باڵا و گەشەکردنی فێربوونی زمانی ئیسپانی لەناو عێراق، جگە لەوەش سەبارەت بە بەرەوپێشبردنی زمانی ئیسپانی، ئیسپانیا هاوبەشی خواستی خۆی بوو بۆ چالاککردنی فراوانکردنی پەیمانگای سەرڤانتێس لە

بەغداد، بە مەبەستی دەستپێكردنی بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستایان.

دەیەم: هەردوو سەرۆك هاوڕابوون لەسەر پتەوكردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەكان لە بوارەكانی دیكەی وەك هاوكاری لە بابەتی دادپەروەری، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، گەشتوگوزار، تەندروستی، وەرزش، ئاسەوار و ڕۆشنبیری.